پەیامی خەڵک

* کاتێك دەگەینە بەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی، گەر تۆزێك رابوەستی بیرت دەچێتەوە کە لەکوردستانیت، پاش کەمێك رامان لێت دەبێت بەعەرەبستان. گەر لەوێدا بکەویت ١٠٠ عەرەب بەجارێك دەڵێن الله الله.

شیلان

* سەندیکای کاسبکاران داوا لەدووکاندارەکان دەکات کە نرخ لەسەر کەلو پەلەکانیان دابنێن. جا ئەو نرخە بەئارەزووی کاکی دووکاندار دەبێت، بەپێی قسەی سەندیکاکە دەڵێت تۆ نرخ دابنێ، جا خۆت سەر پشکی لەدانانی. لەهەمان کاتیشدا هەندێ دووکان گوایە لەسەر گران فرۆشی دادەخرێن، جا نازانرێ لەسەر گرانی نرخە یان؟.

کارزان عەبدوڵلا

* هەندێك لەشۆفێری تانکەرە بارهەڵگرەکانی بەنزین کە لەتورکیاوە بەنزین بۆ کوردستان دەگوازنەوە، زۆربەیان لەکاتی لێخۆڕیندا مەستوبێ ئاگان. ئەمەش رووداوی دڵتەزینو کارەساتی جەرگبڕی لێدەکەوێتەوە. چەندین جار ئەم تەنکەرانە هۆکاری وەرگەڕانی سەیارەی وڵاتیانن، چونکە بێباکانە دەشکێننەوە سەریان، بەڵام لێپرسینەوەی پێویستیان لەگەلدأ نەکراوە.

فەرمان

لایەنە پەیوەندارەکان لەجیاتی بەڵێنی خۆیان بەرامبەر خاوەنی موەلیدە ئەهلیەکان ببەنە سەرو لەکاتی دیاریکراودا سووتەمەنیان پێبدەن، کەچی قایمقام بانگیان دەکاتو دڵساردیان دەکاتەوەو پێیاندەڵێ: جارێ تا ١٠ رۆژی تر کەس باسی سووتەمەنی نەکات. ئێوەش کەیفی خۆتانە ئەگەر موەلیدەکانتان کار پێدەکەن، دەتوانن نرخی یەك ئەمپێر لە٩ هەزارەوە بکەن بەهەژدە هەزار، چونکە لەوانەیە ئیتر نەتوانین گازتان بۆ دابین بکەین.

کرێکارێکی موەلیدەی کارەبا - هەولێر

دانیال میتران: جیهان ئاگاداری خەباتی کوردەکانە

سازدانی دیمانە : خالید محەممەد زادە

دانیال میتران

هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەردەمی چەوسانەوەو نەهامەتییە یەك لەدوا یەکەکانی کوردە. لەم دەورانەدا بەپێچەوانەی ئێستا کە کێشەی کورد بەرێژە نێونەتەوەیی بووەو لەکۆشکی سپیو باکینگهام فەرشی سوور لەژێر پێی رێبەرانی کورد رادەخرێ، هاواری مەزلومییەتی گەلی کورد لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانە نەدەبیسترا، رێك لەم زەمانە تاریکەداو لەبێدەنگی رۆژئاواو رۆژهەڵات تەنیا دەنگی زوڵاڵی خاتوو دانیال میتران بونیادی فرانس لیبرتێ بوو کەهاواری لایەنگری لەگەلی کوردی بەرزکردبۆوەو بەقسەو بەکردەوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە، بەڵام ئەمرۆ لەسەردەمی بەجیهانیبوونداا ئەم دەنگە ناسراوە بەشێوەیەکی هەستپێکراو بێدەنگە. رەنگە دوایین هەڵوێستگرتنی خاتوو دانیال میتران لەمەڕ کێشەی کورد نامە بەناوبانگەکەی بۆ رێبەرانی کوردی عێراق بەر لەهێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەم وڵاتەو رەخنەی لەهاوپەیمانەتی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا بێ. لەم دیمانەیەدا تێکۆشاوم، چەند پرسیارێکی تایبەت بەپرسی کورد لەگەڵ ئەم خاتوونە بەرێزە بهێنمەگۆڕێ، بەڵام پێش خوێندنەوە جێگەی خۆیەتی سوپاسی ئاسۆی حەسەن زادە بکەم بۆ هاوکاریکردنی لەمەڕ ئاسانکاریکردن بۆ پێکهێنانی ئەم چاوپێکەوتنە.

پرسیار: ئەوە کە تۆ هاوسەری فرانسوا میتران بووی، چ کاریگەرییەکی لەسەر روانینی تۆ لە دنیاو لەسیاسەت هەبووە؟

وەڵام/ فرانسوا میتران تێڕوانینێکی وردو واقیعبینانەی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەبوو. فرانسوا میتران ئەو ئارەزووەی لەمندا پێکهێنا کە بمەوێ لەو رووداوانە ئاگاداربم کە لەدنیادا رووەدەن‌و لەبنچو بناوانی شتەکان بکۆڵمەوە. هەر ئەوەش بوو کە ئەمنی هێنایە سەر ئەوەی بەنۆرەی خۆم لەبەرانبەر ناعادەلەتییەکان‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا هەڵوێست بگرم. کاتێکیش فرانسوا بوو بەسەرۆککۆماری فەرانسە، بیرو هەڵوێستی من هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات. ئێلیزە (کۆشکی سەرۆککۆماری فەرانسە) بۆ من لەدەفتەرێك زیاتر نەبوو کە توانیم تێیدا کار بکەم، بەو جیاوازییەوە کە سکرتاریایەکی بەرین‌و لێهاتوویشم لەبەردەستدا بوو. لەو سەردەمەدا ئەمن هەموو رۆژێ شایەتی‌و راپۆرتە جۆراوجۆرەکانم لەبواری مافی مرۆڤدا پێدەگەیشتن‌و بەم جۆرە درێژەم بەزانیاری کۆکردنەوە دا. ئەمن هەروەها لەرێگەی پێکهێنانی کۆمەڵەی جۆربەجۆری مرۆڤدۆستی کە بۆخۆم سەرۆکیان بووم توانیم لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌و مەدەنییەکاندا نەخشم هەبێ‌و بەجۆرێك ببم بە قسەکەری کەسانێك کە دەنگیان وە هیچ جێیەك رانەدەگەیشت.

پرسیار: کەنگێ‌و بەچ بۆنەیەك بۆ یەکەم جار وشەی "کوردستان"ت بیست؟

وەڵام/ ئەمن خوێندنی کلاسیکم لەبواری مێژوو و جوگرافیادا بووەو لەو رێگەیەوە بوو کە لەبوونی کوردەکان‌و لە هێندێك شتی مێژوویی وان ئاگادار بووم، بەڵام بۆ یەکەم جار لەکاتی دادگەییکردنی مێهدی زانا، شارەرداری دیاربەکر دا بوو کە بۆ پشتیوانیکردنی بەکردەوە لەکوردەکان هاتمە مەیدان. مێهدی زانا ئەودەم بەتاوانی ئەوە کە لەگەڵ شارۆمەندەکانی حەوزەی خۆی بە زمانی کوردی قسەی کردبوو زیندانی کرابوو.

پرسیار: بەبڕوای تۆ بۆچی کوردەکان ئەوەندە تۆیان خۆشدەوێ‌و تەنانەت نازناوی "دایکی کوردان" یان پێداوی؟

وەڵام/ ئەوە کە ئەوان بەمن دەڵێن "دایکی کوردان" بۆ من بەڵگەی دۆستایەتی‌و خۆشەویستییەکە، کە ئەوان بۆ منیان هەیە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ساڵەهای ساڵ لە سەردەمێکدا کە تەواوی دنیا چارەنووسی وانی پشتگوێخستبوو و سەرۆکە گەورەکانی دنیا لەئاست کارەساتی واندا کەڕ بوون، ئەمن تەنیا موخاتبی وان بووم‌و گوێم بۆ شل دەکردن. ئەوەش کە من هاوسەری سەرۆککۆماری فەرانسە بووم، دەرفەتی ئەوەی پێدام کە لەلای سەرکردەکانی جیهان مەسەلەی وان بێنمە گۆڕێ.

پرسیار: بەبڕاوی تۆ هەڵەی ڕێبەرانی کورد لەچیدایە کە تا ئێستا خەباتی وان بەئامانجی یەکجاری نەگەیشتووە؟ لە چیدا سەرزەنشتیان دەکەی؟

وەڵام/ ئەمن لەوەزعییەتێکدا نیم کە خەڵك سەرزەنشت بکەم. مەئموورییەتی بیناتی فرانس لیبرتەش ئەوە نییە کە قەزاوەت لەسەر هیچ لایەنێك بکات. بەڵکو کاری ئەوەیە کە وەزعییەتەکان لێکبداتەوەو بۆچوونێك بباتە پێش‌و بەگوێی دنیای بگەیەنێ. لەپێوەندی لەگەڵ کوردەکانیشدا بۆ وێنە ئێمە شەڕی نێوان دوو پارتی سەرەکی لە باشووری کوردستانمان لەسەردەمێکدا کە بیروڕای گشتیی کورد خوازیاری ئاشتی بوو مەحکوم کرد.

پرسیار: پێوەندیت لەگەڵ پارتە سیاسییە کوردییەکان چۆنە؟ ئایا رێبەرانی کورد ئامۆژگارییەکانت وەبەرچاو دەگرن؟

وەڵام/ ئەمن ئیدیعای ناکەم کە راوێژکاری سیاسیی هیچ کەس‌و لایەنێك بم. هەروەك پێشتر باسم کرد تەنیا دەتوانم هەست‌و بۆچوونی خۆمیان پێ رابگەیەنم. بۆ وێنە رێبەرانی کورد چاك دەزانن کە بیروباوەڕی دیموکراتیکی من لەگەڵ وەزعییەتی شەڕی سڤیلدا کە لەسێبەری داگیرکرانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ساز بووە یەك ناگرنەوە. هەرچەندە زۆر خۆشحاڵم بەوە کە بەخۆشییەوە تا ئێستا بەشی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەئەماندا ماوە.

پرسیار: کام یەك لەرێبەرانی کوردت زیاتر لەدڵ بووە؟

وەڵام/ (مادام میتران وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە)

پرسیار: ئایا پێتوایە کوردەکان توانیویانە مەسەلەی خۆیان نێونەتەوەیی بکەن؟ ئەگەر نا، پێتوایە دەبێ چی زیاتر بکەن بۆ ئەم مەبەستە؟

وەڵام/ بەڵێ مەسەلەی کورد بەنێونەتەوەیی کراوە. ئەمڕۆ هەموو کەس لەمەوجودیەت‌و خەباتی کوردەکان ئاگاداراە. بەتایبەتی لەباشووری کوردستان بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان لەپاش کارەساتگەلی وەك ئەنفال‌و شەڕی ئێران‌و عێراق‌و شەڕی نێوەخۆیی جێگەی ئافەرینە. کوردستان سەرزمینێکی دەوڵەمەندە، بەتایبەتی لە باری سەرچاوەکانی ئاوەوەو بەبێ شك تەماح‌و رکەبەری‌و دەستێوەردانی ئەملاو ئەولا رادەکێشێ.

گەورەترین سەرچاوەکانی ئاوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەکوردستاندا هەڵکەوتوون. لەو بارەوە ئەوەی ئێستا زیاتر لەهەموو شتێك مێشکم مەشغول دەکا ریسکی ئەو مەترسییانەیە کە لەسەر حەزی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستاندا ساز دەبن، چونکە هەر دەوڵەتێك کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوانەی لەدەستدا بێت‌و دیجلەو فورات بکاتە هی خۆی زۆر بەهێز دەبێ.

پرسیار: بۆچی فەرانسە دژایەتی لەگەڵ مێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق کردو هەڵوێستی خۆت لەو بارەوە چی بوو؟

وەڵام/ ئەمە پرسیارێك نییە کە من بۆخۆم وەڵامدەری بم. فرانس لیبرتێ رێکخراوێکی غەیرە دەوڵەتییەو بۆی نییە بەناوی دەوڵەتی فەرانسەوە قسە بکات. ئەوە حکومەتی فەرانسەیە کە بەرپرسیاری ئەو بڕیارو هەڵوێستانەیە کە لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەڵیاندەبژێرێ. بۆچوونی خۆیشم وەك شارۆمەندێکی ئاشتیخواز دژایەتییە لەگەڵ هەر جۆرە شەڕێك کە کوشتارو ماڵوێرانی خەڵکی مەدەنیی بەدواوە بێت.

پرسیار: ئایا پێتوایە فەرانسە ئەرکی ئینسانی خۆی دەرهەق بەکوردەکان بەجێگەیاندووە؟

وەڵام/ هەر کە بیروڕای گشتی لەوەزعی خەڵکی هەڵەبجە ئاگادار بوو، فەرانسە بڕیاریدا بەشێك لەزیانپێگەیشتووەکان لەسەر خاکی خۆی پەنا بدا. لەکاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دا تەواوی نەسلەکانی فەرانسە بەپیل ئەو بانگەوازی یارمەتیدانەوە هاتن کە بۆ وان لەفەرانسە وەڕێخرا. فرانس لیبرتێش بە

نۆرەی خۆی لەبنیاتنانەوەی کوردستاندا نەخشی بووە، چونکە ٤٠٠ قوتابخانەی لێ ساز کرد، بەڵام ئەو شتانە رێگەچارەی سیاسی لەدرێژخایەندا نین. سیاسەتی دەوڵەتێکی بەرپرسیار نابێ ئەوە بێ ئەمڕۆ بە یارمەتی بە دروستبوونی کارەساتێك بداو سبەینێش بێت برینەکانی ئەو کارەساتە پانسمان بکات.

پرسیار: بەبڕوای تۆ ئەمریکاییەکان بەڕاستی دۆستی کوردن؟ لەنێوان سیاسەتی ئەوروپا سەبارەت بەکورد سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بەکورد کامەیانت پێ باشترە؟

(مادام میتران وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە)

پرسیار: بەبڕوای تۆ بەرپرسیارێتی ئەورووپاییەکان دەرهەق بەکێشەی کورد لەرژێمەلاتی نێوەڕاستدا چییە ؟

(مادام میتران وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە)

پرسیار: ئایا پشتیوانی لەفکری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکەی؟

وەڵام/ سەرەنجام چەمکی دەوڵەت یا ناسیۆن زۆر گرینگ نین. ئەو ئەورووپایەی نەسلی من خەونی پێوە دیوە ئەورووپای گەلان بوو نەك ئەورووپای دەوڵەتانی میللەتی کە هێشتا دەیبینین. بۆ ئەو ناوچەی جیهانیش کە کوردی لێ دەژی ئارەزووم ئەوەیە کە ئەو ئیدیالەی ئێمەی ئەورووپایی وەدیمان نەهێناوە ئەوان وەدەیبێننو دەوڵەتەکانیان دەوڵەتی میللەتی نەبن. بەرهەمی مێژوو وای کرد کە کوردستان بەسەر پێنج پارچەدا دابەش بێ‌و رۆژئاواییەکانیش سەرچاوە سروشتییەکانی‌و نفووزە ژێۆپۆلیتیکەکانی لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن. دوای ئەمە کوردستان بارودۆخێکی تەواو ناپەیداری بووەو کوردەکانیش دەستیان داوەتە خەبات، چونکە سروشتییە کە گەلێکی لەتلەتکراو و دابەشکراو تەنیا بیر لەیەکگرتنەوەو وەسەریەککەوتنەوە دەکاتەوە، بەڵام چ لەئێران، چ لەعێراق، چ لەتورکیە یا سوریە جێگیر بوونی دیموکراسی دەتوانێ هەر کام لەو وڵاتانە بکاتە پەناگەیەکی ئاشتی بۆ کوردو گەلانی دیکەیش، دیموکراسییەك کە رێزگرتن لەفەرهەنگو مێژوو، باوەڕی هەموو گەلانی پێکهێنەری وڵاتی تێدابێ، دیموکراسییەك کە لەودا دین لەدەوڵەت جودا کرابێتەوەو ئیمکاناتی وەك یەك بۆ هەموو لایەك لەبوارگەلی وەك پەروەردەو تەندروستی‌و گەشەکردن لەنەزەر بگیرێ. هەروەك دەبینین کوردەکان بۆخۆیشیان ئەمڕۆ داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناکەن.

پرسیار: چیت هەیە بەو حکومەتانەی بڵێی کە هەروا مافی کوردەکان پێشێل دەکەن؟

وەڵام/ ئەوەی گرینگە ئەوە نییە کە ئەمن بەوانی دەڵێم، گرینگ ئەوەیە کوردەکان لەپێشدا حسێب لەسەر خۆیان بکەن‌و بزانن کە دەتوانن بەهێز بن. هیوادارم گەلی کورد وەها خۆی رێکبخات کە بۆخۆی بتوانێ دەوڵەتانی حاکم ناچار بکا کە رێز لەمافەکانی بگرن.

پرسیار: ماوەیەکە زۆر بەکەمی لەسەر مەسەلەی کورد قسە دەکەی. بۆچی فرانس لیبرتە ئەمڕۆ وەك رابردوو لەکوردستان چالاك نییەو مەئموورییەتی ئێستای فرانس لیبرتە چییە؟

وەڵام/ ئێمە لەپێوەندی لەگەڵ کوردەکاندا بەشی زۆری ئەرکی خۆمان بەجێگەیاندووە کە بریتی بوو لەوەی کە لەسەردەمێکدا کە جیهان حازر نەبوو دان بە بوونی کورددا بنێ، ئێمە دۆزی کوردمان بەدنیا ناساند. دیارە فرانس لیبرتە ئێستایش خۆی لەکوردەکان بەنزیك دەزانێ، بەڵام بەرنامەی سەرەکیی بنیاتەکەمان ئەمڕۆ بۆ مەسەلەی ئاو تەرخان کراوە، واتە مافی دەسترگەیشتنی یەکسانی‌و ئازادی مرۆڤەکان بەئاوی پاك. ئەمڕۆ من زۆرترین هەوڵی خۆم بۆ ئەوە تەرخان دەکەم کە سەرنجی دانیشتووانی سەرووی زەوی کە کوردەکانیش دەگرێتەوە بۆلای مەترسیداربوونی کێشەی ئاو بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی رابکێشم. ئەگەر کوردەکان داوام لێ بکەن حازرم پرۆژەی هاوبەشیان لەبواری چاککردنی باری ژینگە لەرێگەی ئاو چ لەکوردستان‌و چ لەسەرجەم ناوچەکەدا لەگەڵ وەرێبخەم. ئینسانەکان هەژار یا دەوڵەمەند هەموو وەك یەك گیرۆدەی ئەو کێشەیەن. ئاو پێکهێنەری سەرەکیی ژیانەو هەموو لایەك دەبێ ئەو راستییە روونەیان لەبیر بێ‌و ئەمە ئەرکێکی سۆلیداریتەی مرۆڤایەتییە.

٢٠٠٦-٨-٣

پارەی خەڵك‌و حکومەت بۆ حکومەت

دەڵێن حکومەت خزمەت بەخەڵك دەکات‌و پارێزگاری لەسەروگیانی وڵاتیان دەکات، ئەگەر ئەم گوتەیە لە تەواوی جیهان جێگەی خۆی گرتبێ‌و رۆزینەی حکومەتەکان لەسەر ئەو بنەمایە کاربکەن، دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ هاوێر بکەین.

خەڵکی شاڵۆغانیان بوو، دەیانگوت هەرکاتێ هەردوو ئیدارەکە تێکەڵاو بکرێتەوە، ئیدی هاوێرکاری نامێنێ‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕ لەهەژاران دەداتەوەو خزمەتیان دەکات، بەڵام لەو رۆژەی کە کابینەی پێنجەم راگەیاندراوە، رۆژ دوای رۆژ رەوشی ئابووری خەڵك خراپتر دەبێ، قەیرانەکانی گرانی نرخی خۆراك‌و ساوتەمەنی‌و نیشتەجێبوون تەنگی بەرۆزینەی خەڵکی باشووری کوردستان هەڵچنیووە.

لەوانەیە دەرویشەکان دژی ئەم بۆچوونە بوەستن‌و بڵێن: حکومەت درێغی نەکردووەو پەرەی بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان داوە. لێرەدا ناچارم بپرسم: لەکام کابینەی حکومەت بووە کە بەیەکجار ٢٤ دانە مۆنیکا بۆ ٤٢ دانە وەزیر کڕدرابێ؟!!. کەی لەیەك کاتدا شوێنی حەوانەوە لەهۆتێل شیراتۆن بۆ دەیان وەزیر، لەسەر مەسرەفی حکومەت دابین کراوە؟!. کەی بەڕێوەبەرە گشتیەکان‌و بریکاری وەزیرەکان بەدەرزەن خانەنشین کراون‌و هەمان مووچەیان بۆ براوەتەوە؟!. کەی خانووی گرانبەها بۆ جێگری سەرۆك‌و هەندێ لەوەزیرەکان کڕدراوە؟!. بێگومان ئەو پارەیەی کە بۆ ئەو شتانە سەرف دەکرێن، لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەگێڕدرێنەوە.

حکومەتی هەرێم بەو کارانەی راستەوخۆ پێمان دەڵێ: پارەی خەڵك‌و حکومەت بۆ حکومەتەو کەسیش مافی ئەوەی نییە لەو بارەیەوە پرسیارمان لێبکات.

کوردێك

ئەگەر پێناسەی رۆژی گەل بکەین

شوان محەممەد

رۆژی گەل تەنها ناوی رۆژنامەیەك نییەو تەنهاش لەدوو ووشەی لێکدراو پێك نەهاتووە، رۆژ ئەو سەرچاوەیەیە کە رووناکی و وزەبەخشەو وزەمان دەداتێ‌و بەرووناکیەکەی رێگامان بۆ رۆشن دەکاتەوە. بەمانایەکی تر رۆژ ئەو چەند کاتژمێرەیەکە کارەکانی ژیانمانی تێدابەڕێ دەکەین. گەلیش ئەو خەڵکانەن کە لەسەر خاکێك دەژین‌و بەهۆی زمان‌و کەلتوورو داب‌و نەرێتەوە بەیەکەوە بەستراون، ئێمە وەك گەلی کوردستان لەمێژەوە خەبات دەکەین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان. بۆ لەگۆڕنانی ئەو خائینانەی وڵاتەکەیان داگیرکردبوین، کردبوویانە رۆژی خۆیان واتە رووناکی‌و وزە یان لێبڕیبوون‌و هەموو بەها جوانەکانی ژیانیان لێ زەوت کردبووین. ئێمە زۆر لەمێژە بۆ ئەو رۆژە دەگەڕێین کە بیکەینە رۆژی خۆمان. بەهەر دەردەسەری‌و نەهامەتیەك بێت کوردستانەکەمان رزگار بوو گەلەکەمان ئازاد بوو. هەنووکە خاك‌و نیشتمانمان ئازادبووە. بەڵام بەداخەوە، هەر نەبوو بەرۆژی گەل. رۆژی گەل کەی دێت. دەبێت ئەو تیشکانە ئەوەندە ناعەدالەت بن لەئێمە نەدات. یان ئێمە لەخاکێکدا قەتیس کراوین کارەبامان نادەنێ، ئاومان نادەنێ. نانمان نادەنێ یاسامان نادەنێ. بۆ نەکەین بە رۆژی خۆمان یان رۆژی گەل چونکە ئەو رۆژە، رۆژی گەلە کە مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگە بێزاربەن، دڵ خۆشبن رێزو یاسا هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو تیشکی رۆژەمان نەدەنێ. لەتاریکیدا بمان هێڵنەوە. ئێمە وەك گەل بیری تۆقاندن دەکەینەوە. بیری تێکدانی رۆژی ئەو کەسانەی ناهێڵن ببینە خاوەنی بەرۆژی گەل.

چی دەبێ ئەگەر ئێمەش پێوانەی عەرەبە هاتووەکانمان بۆ بکەن

قەیرانی نیشتەجێبوون یەکێ لەقەیرانە هەرە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆی کوردستانە. هەزاران گەنج لەبەر بێ خانوویی ناتوانن زەماوەند بکەن‌و ژیانی هاوسەری پێکبهێنن. هەزاران خێزان لەرەوشێکی یەکجار ناخۆشی کرێچێتیدان. رۆژانە سەدان کەس بەداوی خانوو، شوێنی حەوانەوە دەگەڕێن‌و دەستیان ناکەوێ. چەندین لەو چیرۆکانەمان بیستووە کە خەڵکی بێ لانەو بێ خانوو، کەلاوە یان ناو گۆڕستانەکانیان کردۆتە شوێنی حەوانەوەیان.

ئێمەی کرێچی دڵمان بەوە خۆشبوو کە گوایە حکومەتی هەرێم هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانی نیچتەجێبوون دەدات‌و یەکەکانی نیشتەجێبوون دروست دەکات، بەڵام لەوەتەی عەرەبەکانی موسڵ‌و بەغداو شارەکانی دیکە بەلێشاو بەرەو کوردستان رادەکەن، نەك هەر کرێی خانوو بەرزبۆتەوەو خانووی بەتاڵ دەستناکەوێ بەڵکو ئەو هیوایەشمان پوکایەوە کە داماننابوو کونجێکمان لەو شوقانە پێببڕێت کە دروست کراون یان کە دروست دەکرێن. لەرێگەی هەواڵەکانەوە بیستمان کە عەرەبە هاتووەکان (راکردووەکان) لەو شوقانە نیشتەجێ دەکرێن کە بڕیاروابوو بەخەڵکی بێ جێگەو رێگە بدرێن. ئێمە دەزانین نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی میوان نەوازەو باوەش بۆ لێقەوماوان دەگرێتەوە، بەڵام وەك پێشینان دەڵێن تا ماڵ هەبێ مزگەوت بەتاڵە. لێرەوە دەڵێین ئەگەر: حکومەتی هەرێمی کوردستان یان سەرکردەکانمان دەیانەوێ هاوکاری ئەو ماڵە عەرەبانە بکەن کە لەعێراقەوە هاتوون، باشترایە لەشوێنێکی چۆڵدا یان لەنزیك شارەکاندا ئۆردوگای تایبەتیان بۆ دروست بکرێ. وەك دەزانین لەهەموو وڵاتان باوە کاتێ کۆچی بەلێشاو دەست پێدەکات، شوێنی تایبەتیان بۆ دروست دەکرێت‌و ناهێنرێنە ناو خەڵکەوە. گومان لەوەدانیە کە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی عەرەب قەیرانی نیشتەجێبوون لەکوردستان گەورە دەکاتەوە.

لێرەدا داوا لەلایەنە پەیوەندارەکان دەکەین لایەنی کەم با ئەو کوردانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان نیە وەکو عەرەبە هاتووەکان پێوانەیان بۆ بکرێت‌و شوقەیان پێبدرێ.

کۆمەڵێك گەنج